# ئەمجارەش هەر خەتای ئێوەی تێدا نییە؟

فاضل قەرەداغی

٢٠٠٤/٦/١٠

ئەگەر بە بیرمان بێت، کێشەی کوردیش ئەوەیە زوو شتی لەبیر دەچێتەوە، سەرۆکی پارتیو سەرۆکی یەکێتی پاش ئاشتبوونەوە، ئەو ئاشتبوونەوەیەی ئەمەریکا بە زۆر پێی کردن، دانیشتبوونو لەبارەی شەڕی ناوخۆوە یەکەمیان وتی نە منو نە مام جەلال خۆمان بە تاوانبار نازانین.

دوانزە ساڵ زیاترە دوو حزبەکەی کوردستان کورد لە نەهامەتییەکەوە دەبنە ناو کارەساتو دوو سەرۆکەکە مونافەسەی صەددامیان دەکرد لە کێشەو قەیران. ئەو دوو حزبە قەیراناوییە ئەوەی نەکرا کردیان، پاش هەموو شتێکیش دوو سەرۆکەکەی خۆیان بە تاوانبار نەزانیو گوناهەکەیان خستە سەر ئەوانی خوار خۆیان. ئەمانەش گێژگێژ ئەو قسەیەیان قبووڵ کردو ئیهانەکەیان قووت دا. دیارە ئەم قبووڵکردنە لەبەر ئەوەیە ئەو بچووکانە تەنها بە پلەو پایە بچووک نین بەڵکو بە عەقڵو نەفسیەت. ئەمانە چونکە نانیان چەورە قبووڵی لەوە زیاتریش دەکەن.

ناشزانم ئەم جارە دوو سەرۆکەکە بۆ ئەو بڕیارەی ئەنجوومەنی ئاسایش ژمارە ١٥٤٦ چی دەڵێن. ئەو بڕیارەی هیچ حسابێکی بۆ کورد نەکردو تەنانەت نەیوت کوردە کوای تا پیسایی بە کلاوت بپێوم. دیارە دوو سەرکردەکە ئەمجارەش خۆیان بە گوناهبار نازانن و خەتاکە دەخەنە سەر خەڵکی تر، دەیخەنە سەر عەرەبی سوننە یان عەرەبی شیعی یان لەوانەیە سەر ئیستعمار، زۆریش ڕێی تێ دەچێت گوناهەکە وەك جارەکەی تر بخەنە سەر بچووکەکان کە بۆچی لە ناسکترین قۆناغدا دوو ئیدارەکەتان یەك نەخستو بەم شێوەیە هێزو توانای کوردتان پەك خست. بەڵام ئەگەر بە ئینساف بنو هەق بڵێن پێویستە پێیان بڵێن بۆچی بەقسەتان کردینو لە موفاوەزاتی یەکخستندا گیر بوون.. دەبوایە لەمەدا گوێڕایەڵ نەبوونایە.

سیاسەتمەدارانی بلیمەتی کورد تا ساتی نووسینی ئەم دێڕانە هەڕەشەی کشانەوە لە حکومەتی عیراقی دەکەن بەڵام بڕوا ناکەم لە یاسر عەرەفات زیاتریان پێ بکرێت. بەڵام دیسان ئەگەر بە ئینساف بن پێویستە نەك بیر لە پاشەکشە لە حکومەتی عیراق بکەن بەڵکو پاشەکشە لە سەرۆکایەتیی حزبەکەیان بکەن و دواتر دوو حزبەکە پاشەکشە بکەن لە سیاسەتو یەخەی کورد بەردەن. ئافەرین حزبی فەرمانڕەواو سیاسەتمەدارانی موحەننەك: شەڕە بۆتان ناکرێت، خۆهاویشتنە ناو باوەشی ئەمەریکا ئەمە قازانجی بوو، ئافەرین دوو حزب پێشمەرگایەتی بکەن یان جاشایەتی هەر دۆڕاون. ئێستاش ڕەنگە خوا بە هەق بناسنو ئاوڕ بدەنەوە لەو خەڵکەی هیچ حسابێکتان بۆ نەکردبوونو ئینجا لەوانەیە بەشدارییان بکەن لە چارەسەرکردنی ئەو هەڵانەی بەرهەمی دەستی ئێوەن.. ئێستا کاتی هێلکە خواردن نییە بەڵکو کاتی ڕیقنە کۆکردنەوەیەو بە جەماوەر دەڵێن فەرموون. ئەگەر جەماوەریش وشیار بێت واز لەو ڕیقنەیە بۆ ئێوە. بەڵام داخەکەم جەماوەر ئەو وشیارە نییەو سبەینێ ئەگەر ئەم تەمە ڕەوییەوە دیسان دووی گەورە کۆدەبنەوەو دەڵێن ئێمە خۆمان بە تاوانبار نازانین، بچووکەکانیش گێژگێژ پێدەکەن.